The Scientific Journal of Cihan University – Sulaimanyia
ISSN 25207377- (Online), ISSN 25205102- (Print)
DOI / http://dx.doi.org/10.25098 /2.1.13

February 2018
Vol. (2) Issue (1)

# زانستی زمانی دەق و پێوەرەکانی دەق
# ڕۆمانی (هەورەکانی دانیال)ی (بەختیار عەلی) وەك نمونە

پ.ی.د. ئومێد برزان برزو
dr.omedbarzan@yahoo.com

م.ی. عومەر ئەحمەد عزیز

زانکۆی گەرمیان ـ کۆلێجی پەروەردە/ بەشی زمانی کوردی

## الملخص:

عنوان البحث (علم اللغة النص ومعايير النص، رواية (هةورةكاني دانيال) لبختيار علي نموذجاً)، البحث مقسم علي ثلاثة محاور: درس المحور الأول مصطلح ومفهوم علم اللغة النصي، تعريف والبنية النص، تاريخ ظهور علم اللغة النصي وأسباب ظهور هذا العلم وواجباته. وتكلم المحور الثاني عن معايير النص في علم اللغة النصي، التي يجب توافرها في النص حتي يكون نصاً مقبولاً. واحتوي المحور الثالث علي تعيين بعض معايير النص في رواية (هةورةكاني دانيال) لبختيار علي. وانتهي البحث بخاتمة سجل فيها أهم نتائج البحث، وقائمة بالمصادر والمراجع وملخص البحث باللغتين العربية وأنجليزية.

## Abstract:

The title of the research is (The Linguistic Context and Context principles, Baxtiar Alis drama (the clouds of Daniel) as a sample). The research consists of three sections:The first section introduces the concept of linguistic context, the definition of context, the emergence of linguistic context with the reason behind its emergence, and the function of linguistic context.The second section mentions the context principles in accordance with linguistic context which is a condition to be available in every context so as to be considered as an approved context.The third section identifies some of the con-text principles in Baxiar Alis drama (the clouds of Daniel).Finally, the research ends with the most important conclusions, list of references and the abstract in English.Finally, the research ends with the most important conclusions, list of references and the abstract in English.

## پێشەکی:

زانستی زمانی دەق لقێکی تری زانستی زمانە، کە لە نیوەی دووەمی شەستەکان و نیوەی یەکەمی حەفتاکانی سەدەی بیست و یەکەمدا سەریهەڵدا و لەنێو لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا پەرەی پێدرا، ئەمەش پاش ئەوە دێت، کە زۆربەی قوتابخانە و زمانەوانەکان لە لێکۆڵینەوەکانیاندا دەیانوت (رستە گەورەترین یەکەی سەربەخۆی زمانە)، پاشتر یەکەی گەورەتر لە رستەیان دۆزییەوە، کە بە دەق (Text) ناسرابو. دەق بەتەنها زمان و پەیوەندی و نوسین نییە، هەروەها کۆمەڵێك رستەی بەدوایەکدا هاتوو نییە، کە رەچاوی باری دەرەوەی رووداوەکان و کات و شوێن بکات، بەڵکو دەق لە هەموو ئەمانە و زیاتر پێکدێت، بۆیە لێرەدا تەنها رواڵەتی دەق نابینین، بەڵکو پەیوەندییە تێهەڵکێشەکان و ئاستەکان و لایەنە تێکەڵەکانی دەقیش لە دروستکردنی دەقدا بەشدارن. بۆیە دەق کردەی بەرهەمهێنراوی تێکەڵی نێو زمانە، نەوەك کۆمەڵێك ئاخاوتنی رستەسازی و نارستەسازییە. لە پێشەنگی زمانەوانەکانیش (ز.س.هاریس)ە، کە لە توێژینەوەکەیدا بەناونیشانی (شیکردنەوەی گوتار ـ Discourse analysis) لە سالی (1952) پێشکەشیکرد و تیایدا گرنگی بە دابەشکردنی رەگەزە زمانییەکان لە دەقەکاندا داوە. هەروەها گرنگی بە پێکەوەبەستنی دەق و دەوروبەری کۆمەلایەتی داوە، هەر ئەمەش وای لە زۆربەی زمانەوانەکان کرد، کە گرنگی بەم جۆرە توێژینەوانە بدەن، لەوانەش توێژینەوەکانی (ك، ل، بایك) لە (1954) و (دێل هیمز) لە (1960) و....تاد. ئەم زمانەوانانەش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە. کە (زانستی زمانی دەق لێکۆڵینەوەی زمانییە لە بونیادی دەقدا)

The Scientific Journal of Cihan University – Sulaimanyia
ISSN 25207377- (Online), ISSN 25205102- (Print)
DOI / http://dx.doi.org/10.25098 /2.1.13

February 2018
Vol. (2) Issue (1)

(David crystal, 1987: 116). هەر لەبەرئەوەش ئەم زانستە کاریگەرییەکی بەرچاوی لە پەرەپێدانی مەعریفیی زمانەوانیدا هەبووە.
لە لایەکی تریشەوە (گرنگی زانستی زمانی دەق لە پەسنکردنی پەیوەندییە ناوەکی و دەرەکییەکانی پێکهاتەی دەق بە هەمو ئاستە جیاوازەکانەوە و راڤەکردنی دیاردە جیاوازەکانی شێوەکانی گەیاندن و بەکارهێنانی زماندا دەردەکەوێت. هەروەها لە زانستە جۆربەجۆرەکانیشدا شیکردنەوەیان بۆ دەکرێت)(یلاح فچل، 1992: 229). ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە زانستی دەق بە هەمو بونیاد و مەرجە ئەرکییەکانییەوە دەبنە بابەتی ناوەندی توێژینەوە لە لێکۆڵینەوە زمانییەکاندا. بۆیە بەباشمان زانی، ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەم زانستە و پێوەرەکانی بەگشتی و بەتایبەتی لە رۆمانی (هەورەکانی دانیال)ی (بەختیار عەلی) وەك نمونە تەرخانبکەین.
توێژینەوەکە لە سێ تەوەر پێکهاتوە:
لە تەوەری یەکەمدا باس لە زاراوە و چەمکی زانستی زمانی دەق، پێناسە و بونیادی دەق، مێژوی سەرهەڵدانی زانستی زمانی دەق و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم زانستەو ئەرکەکانی کراوە.
لە تەوەری دووەمدا باس لە پێوەرەکانی دەق لە روانگەی زانستی زمانی دەقەوە کراوە، کە پێویستە لە هەمو دەقێکدا هەبن، بۆ ئەوەی بە دەقێکی پەسەند دابنرێت.
تەوەری سێیەمیش بۆ دیاریکردنی هەندێك لە پێوەرەکانی دەق لە رۆمانی (هەورەکانی دانیال)ی (بەختیار عەلی)دا تەرخانکراوە.
لە کۆتاییدا گرنگترین ئەنجامەکان ء لیستی سەرچاوەکان ء پوختەی توێژینەوەکە بە هەردو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەرو.

## 1) زانستی زمانی دەق:

### 1-1) زاراوە و چەمکی زانستەکە:

لە زمانی عەرەبیدا هەریەك لە زاراوەکانی (علم النص، علم اللغه النصي، اللسانيات النص،....) بەکارهێنراوە. هەروەها لە زمانی ئینگلیزیشدا هەریەك لە زاراوەکانی (Discourse analysis،The Grammar of text ) بەکارهێنراوە. مەبەست لە (شیکردنەوەی گوتار (Discourse analysis) لێکۆڵینەوەیە لە چۆنیەتی دروستبونی یەکەی واتاداری گەورەتر لە رستەکانی نێو زمانی ئاخاوتن و نوسین، وەك: پەرەگراف، گفتوگۆ، چاوپێکەوتن،...تاد، ئەم زانستەش گرنگی دەدات بە:

1-چۆنیەتی هەڵبژاردنی بابەتەکان و جێناوەکان و کاتەکان و کاریگەرییان لەسەر پێکهاتەی گوتار.
2-پەیوەندیی نێوان دەربرینەکان لە گوتاردا.
3-ئەو بزاوتنەی کە قسەکەر بۆ ناساندنی بابەتی نوێ و گۆرینی بابەتەکە دروستیدەکات، یان پێدانی رۆڵی پەیوەندیی بەرز بە بەشداربووەکانی تر (Jack C. Richards and Richard Schmidt, 2002: 161).

بە رای هەندێ زمانەوان زاراوەی (زانستی زمانی دەق/ زمانەوانیی دەق)(Ibid: 161) لە لێکۆڵینەوەی گوتاری نوسیندا بەکاردەهێنن و بەگونجاوتر بە بەراورد بە زاراوەی (زانستی دەق، شیکردنەوەی گوتار) دەزانن، کە لە سەرچاوەکاندا بەرچاودەکەوێت. هۆکارەکەشی ئەوەیە، ئەگەر بڵێین (زانستی دەق) ئەوا وەك زانستێکی سەربەخۆ دادەنرێت و لە زانستی زمان داشیدەبرین. لە کاتێکدا (دەق) وەك دانەیەکی زمانی گەورەتر لە رستە شیکردنەوەی دەچێتە چوارچێوەی (زانستی زمان)ەوە، هەروەها زاراوەی (شیکردنەوەی گوتار) لە زانستی زمانی دەق دوردەکەوێتەوە، هەرچەندە پەیوەندییەکی تێکچرژاو لە نێوان (دەق و گوتار) هەیە، بەوەی گوتار بریتییە لە ناوەرۆك و پەیامی دەقێك، کە راستەوخۆ پەیوەستە بە بارودۆخێکی کۆمەلایەتیی دیاریکراوەوە لە کاتێکی دیاریکراودا، بە واتایەکی تر گوتار بریتییە لە:(دەق + دەوروبەر). بەلام دەق زیاتر یەکەیەکی زمانییە و شیکردنەوەشی لە چوارچێوەی زانستی زماندایە، زیاتر بونیاد و پێکهاتەی رێزمانی واتاییەکەی دەخرێتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە. هەروەك چۆن ( (روبرت دی بوجراند) جیاوازی لە نێوان (گوتار ـ Discourse) و (دەق ـ Text)دا دەکات، بەوەی (گوتار) جەخت لەسەر شیکردنەوەی زمانی گوتراو لە جۆرەکانی گوتاری جیاوازدا دەکات وەك (گفتوگۆ، چاوپێکەوتن، لێدوان، ....)، کە بە شیکردنەوەی گوتار (Discourse Analysis) ناسراوە، بەلام (دەق) پشت بە لێکۆڵینەوەی دەقەکانی زمانی نوسراو دەبەستێت، وەك (وتار، تێبینی، هێماکانی رێگاوبان، راپۆرت)، کە بە شیکردنەوەی دەق (Text Analysis) ناسراوە)(روبرت دی بوجراند، 1998: 98). واتە گوتار زیاتر لە دەقی زارەکیدایە لە نێوان دو کەس یان زیاتر، کەچی دەق زیاتر پارچەیەك دەقی نوسراوە، بەلام وەك پێشتر وتمان پەیوەندیشیان بە یەکەوە هەیە، بەوەی کە گوتار لە دەقدا بەرجەستەدەبێت. بەکورتی شیکردنەوەی گوتار بەگشتی لایەنی کۆمەلایەتیی یان ناوەرۆکی دەق دەگرێتەوە، بەلام زانستی زمانی دەق راستەوخۆ گرنگی بە بونیادی رێزمانی و واتایی خودی دەق دەدات وەك دانەیەکی یان یەکەیەکی زمانی.
لەو رووەیشەوە مەبەست لە چەمکی زانستی زمانی دەق (ئەو زانستەیە کە لە سیماکانی دەق و جۆرەکانی و وێنەی پەیوەندی و بەیەکەوەبەستنی ناوەوە دەکۆڵێتەوە بە ئامانجی شیکردنەوەی لە وێنەیەکی ورددا، کە بتوانین لێی تێبگەین و پۆلێنیبکەین و دانانی ئاراستەیەکی تایبەت بە خۆی، هەروەها بەشداری لە سەرکەوتنی کردەی بەیەکگەیشتن دەکات، کە دانەری دەقەکە هەولی بۆ دەدات و وەرگرەکانی بەشداری تێدابکەن) (David crystal, 1993: 350). بەو واتایە زانستی زمانی دەق (لقێکە لە لقەکانی زانستی زمان کە گرنگی بە لێکۆڵینەوەی دەق دەدات، لەو رووەوەی کە گەورەترین یەکەی زمانییە، هەروەها لە هەندێ لایەن دەکۆڵێتەوە، گرنگترینیان: پەیوەندی یان بەیەکەوەبەستن و هۆکارەکانی و جۆرەکانی، بۆگەرانەوە یان سەرچاوە و جۆرەکانی دەوروبەری دەق و رۆڵی بەشداربووان لە دەقی نێرەر و وەرگردا، ئەم لێکۆڵینەوەیەش دەقی وتراو و نوسراو دەگرێتەوە)(یحی ابراهيم الفقی، 2000: 36).

The Scientific Journal of Cihan University – Sulaimanyia
ISSN 25207377- (Online), ISSN 25205102- (Print)
DOI / http://dx.doi.org/10.25098 /2.1.13
February 2018
Vol. (2) Issue (1)

## 1-2) پێناسەو بونیادی دەق:

لە کۆنەوە بۆچون لەبارەی دەقەوە هەبووە، لەوەها توێژینەوەیەکدا مەودای ئەوەمان نییە، کە لە کۆنەوە لە نێو میللەتاندا چی لەبارەی (دەق)ەوە وتراوە بیخەینەرو، بەڵکو ئەوەی بە لامانەوە گرنگ بێت، باسیدەکەین. (شەریف جەرجانی) بەم شێوەیە پێناسەی دەق دەکات: (واتای دیار و ئاشکرای قسەکەرە، ئەو واتایەیە کە قسەکەی لە پێناودا کراوە، بۆ نمونە دەوترێت: چاکە لەگەڵ کەسێکدا بکە، کە بە غەمگین بونت غەمگین دەبێت، بە دڵخۆشبونت دڵخۆش دەبێت. دەقاودەق ئەم وتەیە ئاشکراکردنی ئەڤین و سۆزی ئەو کەسەیە، لێکدانەوەی تر هەڵناگرێت و یەك واتای هەیە)(شريف الجرجاني، 2004: 202).
(هارالد وینریتش) دەڵێت: (دەق بریتییە لە چەند رەگەزێکی زمانی، کە هەمویان لە پەیوەندییەکی ئالوگۆری و پەیوەستیدان، هەریەك لەم رەگەزانە یان کۆمەڵە رەگەزە پەیوەستەش لە سیستمێکی رێکخراوی گونجاودان، هەر بەشێکی دەقەکەش رۆڵ لە رونکردنەوەی بەشەکانی تردا دەبینێت)(محمد الاخچر، 2015: 75). یان (دەق ئەو رۆنانەیە، کە پێکهاتەکانی ناوەوەی لە پەیوەندییەکی ناوکیدان، بەو مانایەی کە هەر رەگەزێك لە دەقدا (فریز، رستە،...تاد) بەبەردەوامی پشت بە رەگەزەکانی تر دەبەستن، ناتوانین لە واتای رەگەزێك بگەین بەبێ گەرانەوە بۆ رەگەزەکانی تر)(نفس المیدر: 71).
هەروەها (هالیدای) رای وایە، کە: ((دەق هەمو بەدوایەکداهاتووەیەکی رستە دەگرێتەوە، کە پەیوەندییەك بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە.
(برینکر): پەیوەندییەکی بەیەکداهاتوی رستەکانە.

(تۆدۆرۆف): دەق پێکهاتەیەکی سەربەخۆی داخراوە و لە کۆمەڵێ رستە پێکهاتوە و واتایەکی رونی هەیە))(عەبدلواحید موشیر دزەیی، 2014: 48).
لێرەدا ویستمان بیرورای زمانەوانەکان لەمەر (دەق) زیاتر بەهەند وەربگرین، چونکە لە بواری زانستی ئەدەبیدا پێناسەی جۆراوجۆر بۆ (دەق) کراوە، دیارە زیاتر پێناسەکان لە روانگەی ئەدەبەوە جەخت لەسەر ناوەرۆك و ئەو ژانرە دەکەنەوە، کە دەقەکەی پێدەناسرێتەوە(بۆ زانیاریی زیاتر بروانە: جرهارد هلبش، 2007: 238-236).
لەبەر رۆشنایی ئەو پێناسانەی سەرەوەدا، دەتوانین بڵێین لە روانگەی زانستی زمانەوە، دەق بریتییە لەو دانە زمانییەی کە لە سەرو رستەوەیە، گەورەترین دانەی ئاستی زمانە، کە پێویستە چەند پێوەرێك لە پارچە نوسینێکدا هەبێت، بۆ ئەوەی بە دەق دابنرێت، ئەو پێوەرانەش بریتیین لە (رێکخستن، گونجان، راگەیاندن، دەقئاوێزان، رەچاوی بارودۆخ، قەبوڵکردن)، هەروەها لەبارەی ئەوەی کە ئایا تەنها دەبێت دانەیەکی زمانی لە رستە گەورەتر بێت بە دەق دادەنرێت؟ یان مەرج نییە؟ هەندێك پێیان وایە، کە ئاگاداری (لافیتە) لە رستە کورتترە، وەك (بۆ فرۆشتن، داخراوە، قەدەغەیە...تاد) بە دەق دادەنرێت، بەگشتی زۆربەی زمانەوانان لەگەڵ ئەوەدان، کە (دەق) دانەیەکی گەورەترە لە رستە. بەمەش (دەق بەرزترین یەکەی زمانییە، چونکە دەق دەکەوێتە لوتکەی سیستەمی زمانەوانییەوە) (جرهارد هلبش، 2007: 228). تەنانەت شیکردنەوەی دەق بەوە جیادەکرێتەوە، کە تەنها لێکۆڵینەوە لە ئاستەکانی (دەنگسازی، وشەسازی، رستەسازی، واتاسازی) ناکات، بەڵکو هەوڵدەدات، هەمو ئەو ئاستانە لە چوارچێوەیەکی گشتیدا کۆبکاتەوە، کە هەنگاو بەهەنگاو لێکۆڵینەوە لە رستەوە بۆ دەق وەك یەکەیەکی یەکگرتو دەکات و تیایدا کاریگەریی قسەکەر و گوێگر و دەوروبەر فەرامۆشناکرێت، کە دەقەکە و دۆخەکەی تیایدا رویداوە، هەمو ئەمانەش لە چوارچێوەی رەگەزەکانی رێکخستنی رستەسازی و فەرهەنگسازیدایە.

بەم پێیە دەق کردەیەکی بەرهەمهێنراوە، ئەمەش بەواتای دو مەبەست دێت:(یلاح فچل، 1992: 212-211)
1-دەق پەیوەندیی بە زمانەوە هەیە، کە خۆی تیایدا چەسپاندوە، هەروەها لە رێگەی جیاکردنەوە و سەرلەنوێ بونیادنانەوەوە دوبارە دابەشدەبێتەوە.
2-دەق کردەی گۆرینەوە لە دەقەکانی تردا دەنوێنێت: وەك کردەی دەقئاوێزان، کە چەندین گوتن لە بۆشایی دەقدا تێکەڵدەکرێن، کە لە دەقەکانی ترەوە وەرگیراون، بەجۆرێك کەوا لە هەندێکیان دەکات، کە ئەوانی تر دوربخاتەوە و هەڵیانبوەشێنێتەوە.
وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، کە گرنگی زانستی زمانی دەق لە پەسنکردنی پەیوەندییە ناوەکی و دەرەکییەکانی پێکهاتەی دەقە بە هەمو ئاستە جیاوازەکانەوە. بۆیە هەمو دەقێك دو بونیادی هەیە، کە ئەمانەن:(02 :6791 ,nassaH .R dna yadillaH)

1-بونیادی ناوەوە: پشت بە هۆکارە زمانییەکان دەبەستێت، کە برگەکان بە یەکترەوە گرێدەدات.
2-بونیادی دەرەوە: ئەمیش باری چواردەوری دەق رەچاودەکات، هەر لەبەرئەوەش لای وەرگر لەیەکتر جوداناکرێنەوە، پەلام جیاکردنەوەیان لەیەکتر لای توێژەری زمانەوانی پێویستە، ئەویش بەمەبەستی جەختکردنەوە لەو بابەتەی، کە جێگەی بایەخێتی و دەیەوێ لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات.

## 3-1) مێژوی سەرهەڵدانی زانستی زمانی دەق و هۆکارەکانی:

هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی ئەم زانستەوە، لەلایەن رەخنەگران و زمانەوانانەوە مشتومرێکی زۆری دروستکردوە، بەڵام بەگشتی وەکو لقێکی زانستی زمان زۆربەی نوسەران پێیان وایە، کە (هاریس) پێشەنگی دامەزرێنەرانی زانستی زمانی دەقە و کتێبێکیشی لەسەر زانستەکە بەناوی (شیکردنەوەی گوتار)ەوە نوسیوە، بەڵام پێش (هاریس) توێژەرێکی ئەمریکی بەناوی (I.Nye) لە نامەی دکتۆراکەی لە ساڵی (1912)دا، کە لەسەر (نیشانەکانی تێکدانی پرۆسەی تەواوکاری لە زماندا)بووە، بەشێکی نامەکەی پەیوەستکردوە بە پرۆسەی بەیەکەوەبەستنی رستە لە دەقدا. لەو رووەشەوە، هەرچەندە بنەماکانی دەق کە (هاریس) بۆ دەق دایناو، زۆر ورد نەبون، بۆیە هەندێك لە نوسەران پەرەسەندنی زانستەکە دەگەرێننەوە بۆ کۆتایی شەستەکان یان حەفتاکان، بۆ نمونە (د. سعید بێری) حەفتاکانی سەدەی رابردو بە سەرەتاکانی سەرهەڵدان ء دەرکەوتنی ئەم زانستە دادەنێت، ئەویش لەسەر دەستی (کلاوس برینکر)ە، کە لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (دەربارەی گرنگی زانستی زمانی دەق)، کە لە ساڵی (1979)دا

ISSN 25207377- (Online), ISSN 25205102- (Print)
Vol. (2) Issue (1)
DOI / http://dx.doi.org/10.25098 /2.1.13

نوسیوپەتی. بەلام لە هەشتاکاندا قۆناغێکی نوێی زانستەکە دەستپێدەکات، بەتایبەتی دوای بلاوبونەوەی کتێبی (دەق و گوتار و پرۆسە)ی هەردو نوسەر (روبرت دی بوجراند) و (ولفا نجدر یسلر).
هەروەها (محەمەد ئەخزەر)یش دەڵێت:(لە كۆتایی شەستەكانی سەدەی بیستەمدا ڕێبازێکی زمانەوانی هاتەکایەوە، کە هەندێك زمانەوان بە (ڕێزمانی دەق - نحو النۆ) و هەندێکی تر بە (زمانەوانی دەق - اللسانیات النّییە - La linguistique textualle) ناویاندەبرد، کە لە بونیادی دەق و چۆنیەتی بەکارهێنانی دەکۆڵێتەوە، هەر لەم روانگەیەوە ئەم زانستە پێی وایە، دەق تەنها بریتی نییە لە چەند رستەیەك، بەڵکو دەق یەکەیەکی زمانیی جۆرییە (نوعیە) و تایبەتێتی سەرەکیشی بریتییە لە (گونجان و پەیوەستکردن)، واتا پەیوەندیی یەکە زمانییەکان لە روی واتا و ڕێزمانەوە)(محمد الاخچر، 2015: 59). بەگشتی دەتوانین بڵێین، کە (زمانەوانیی دەق لقێکی نوێی مەعریفییە، کە لە نیوەی دووەمی شەستەکان و نیوەی یەکەمی حەفتاکاندا هەنگاوبەهەنگاو دروستبو. پاش ئەو کاتەش دەستی بە گەشەکردنێکردنی بەرچاو کردوە، زۆربەی سەرچاوە پسپۆرییەکانیش باشترین گەواهی لەسەر رادەی بەرزی ئەم میوانە نوێیە دەدەن، کە بە شێوەیەکی گشتی پشکدارییەکی دیاریکراوی لەگەڵ زانستە زمانییەکان لە پەرەپێدانی زمانەوانیدا کردوە)(فولفجانج هاینە من و دیتر فیهفیجر، 1999: 3).
لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمەڵێك هۆکار هەن لە پشت سەرهەڵدانی زانستی زمانی دەقەوە، لێرەدا هەوڵدەدەین، بەکورتی گرنگترینیان بخەینەرو:

1.زانستی زمان تا ساڵی شەستەکانی سەدەی بیستەم دانەیەکی گەورەتری لە ئاستی ڕێزمان، کە رستەی لێکدراوە نەدۆزیبووەوە، ئەمە لە کاتێکدا ئەم دانەیە سودێکی زۆری بۆ دارشتن نابێت، ئەمەش بە رای ئەو زمانەوانانەی، کە بە دامەزرێنەرانی زانستی دەق دادەنرێن وەك (میخائیل باختین) و (رۆمان جاکۆبسن) سنورداریتی ئاستی ڕێزمان دەردەخات.

2.یەکێکی تر لە فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی زانستی زمانی دەق، ئەوەبو وەك (دی بوجراند) دەڵێت: (پرۆسەی پەیوەندی بەهۆی دانە بچوکە دەنگی و مۆرفۆلۆژی و ڕێزمانییەکانەوە نەهاتەدی، بەڵکو بە بەکارهێنانی زمان دەبێت لە بارودۆخێکدا، کە بە شێوەیەکی دروست ئەدای زمان بکات، ئەویش بە دارشتنی دەق دەبێت، ئیتر ئەو دەقە کورت یان درێژ بێت)(روبرت دی بوجراند، 1998: 4).

3.هەندێك زمانەوان پێیان وابو، رستە ئەو دانە زمانییە نییە، کە پرۆسەی ئاڵوگۆری ئاخاوتنی پێ بسپێردرێت، بەڵکو دەق هەڵگری ئەو ئەرکەیە، هەر بۆیە ئەگەر بمانەوێت تێبینییەکی وردی چالاکی راستی زمانیی مرۆڤ بکەین، پێویستە چوارچێوەی رستە تێپەرێنین و لەو دەقانە بکۆڵینەوە، کە قسەکەر لە پرۆسەی بەکارهێنانی زماندا بەرهەمیدەهێنێت. ئەمەش لە کاتێکدا زۆربەی رستەکان لە ئاخاوتندا واتاکانیان بەندە بە رستەکانی ترەوە. هەر بۆیە (زانستی زمان بە پلەی یەکەم بایەخ بە بونیادی رستەسازیی رستە و دەق دەدات، هەروەها بایەخ بەو مەرج و تایبە تمەندییانەش دەدات، کە پەیوەستە بە دەوروبەرە جیاوازەکانەوە)(ێلاح فچل، 1992: 229).

ئەو زمانەوانانەی پێیان لەسەر سەربەخۆیی رستە دادەگرت، بە هەڵەدا چون، بۆیە (روبرت دی بوجراند) پێی وایە، کە (پێناسەیەکی یەکگرتومان بۆ رستە لەبەردەستدا نییە، جگە لەوەش بنەما و پێوانەی جیاواز بۆ رستە هەیە، ئەمەش وایکردوە، کە رستە وەك پێکهاتەیەکی بنەرەتی بۆ شیکردنەوەی زمان دابنرێت، بەلام ئەم بۆچونە تەمومژاوییە و یەکدەنگی لەسەر نییە، بۆ نمونە دەوترێت تائێستا زیاتر لە (200) پێناسەی جیاواز بۆ رستە کراوە) (محمد الاخچر، 2015: 67).
4.هۆکارێکی تری سەرهەڵدانی زانستی زمانی دەق ئەوەبو، کە بونیادگەرەکان بەتەواوی نقومبوبون لە گرنگیدان بە فۆرمی کەرەستەکان و پشتگوێخستنی واتا. هەروەها زمانیان وەك سیستەمێکی داخراو دەبینی و رستەیان بە گەورەترین دانەی ڕێزمان دادەنا، کە زمانی پێ شیبکرێتەوە.

5.یەکێك لەو بابەتانەی کە زانستی زمانی دەق چارەسەریکرد، بریتیبو لە کاریگەریی سیاق لە واتای یەکە زمانییەکاندا. هەروەها ئەو کەرەستە زمانییانەی، کە ئەرکی پەیوەستکردن دەبینن، وەك (ئامرازی بەستن و ئامرازی پەیوەندی و .....تاد) لە نێوان رستەکاندا، بە واتایەکی تر لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی نێوان رستەکان و زانینی مەودای گونجانییان لە دەقێکی هاوشێوەدا. ئەمەش پێویستی سەردەمەکە بو، وەکو پێویست لەو بابەتانەی کە باسمانکرد، نەکۆڵدرابویەوە. هەروەها لە بواری (رێنوس، وەرگێران، شرۆڤە،...تاد) سودێکی زۆر لە زانستی زمانی دەق بینرا، چونکە لەم زانستە لێکۆڵینەوە تەنها لە ئاست دانە فەرهەنگییەکاندا ناوەستێت، بەڵکو لە ئاستێکی گەورەتری زمانی دەکۆڵێتەوە.

### 1-4) ئەرکی زانستی زمانی دەق:

گرنگترین ئەرکەکانی زانستی زمانی دەق لەم خالانەی خوارەوەدا دەخەینەرو: ]بڕوانە: (ێلاح فچل، 1992: 248-247) و (یێحی ابراهیم الفقی، 2000: 55)[
1- پەسنی دەق (noitpircseD txeT).
2-شیکردنەوەی دەق (sisylanA txeT).
مەبەست لە پەسنی دەق رونکردنەوەی پێکهاتەکانی دەقە، ئەویش بە دەستنیشانکردنی رستەی یەکەم تیایدا و خستنەروی ئەو بابەتانەی کە لە دەقدا لەگەڵ دەرخستنی پەیوەندییە شێوەیی و واتاییەکان باسکراون، کە لە دەقەکەدان. بێگومان ئەمانەش دەمانگەیەنن بە گونجاندن و ڕێکخستنی رستە یەك لەدوای یەکەکان لە دەقدا، بەشێوەیەك وەك یەك رستەیان لێدێت و لەو کاتەشدا شیکردنەوەی دەق بەتەنها خستنەروی پەیوەندییە ناوەکییەکان ناگرێتەوە، بگرە ئاماژەپێنجێتی، کە پەیوەندییە دەرەکییەکانیش رونبکاتەوە، لێرەشەوە رۆڵی دەوروبەر لە کۆکردنەوەی پەرشوبلاوی دەق دەردەکەوێت و لەیەکتر نزیکدەبنەوە.

The Scientific Journal of Cihan University – Sulaimanyia
ISSN 25207377– (Online), ISSN 25205102– (Print)
DOI / http://dx.doi.org/10.25098 /2.1.13
February 2018
Vol. (2) Issue (1)

3- ڕەچاوی ڕۆڵی دەق لە گەیاندندا دەکات لە میانەی ئاگاداربون لەبارەی نێرەر و وەرگری دەقەکەدا

4-لەو ئامانجانەی کە زانستی زمانی دەق هەوڵی بۆ دەدات، تەنها پەسنی دەقەکان و شیکردنەوەیان ناگرێتەوە، چونکە ئامانجەکەی گشتگیرتر و گشتیترە، ئەوەش بەوەی لە لایەکەوە ئاماژە بۆ هەمو جۆرەکانی دەق و قۆناغەکانی لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا دەکات، لە لایەکی تریشەوە ڕێکارە تیۆری و پەسنی و پراکتیکییە زانستییە دیاریکراوەکانیش دەگرێتەوە.

5- هەروەها راڤەی گوتار و لێکدانەوەی پێویستی بە ئاستەکانی رستەیی و فەرهەنگی و واتایی و دەنگی و ئاواز هەیە، وێرای ئاستی ستراتیژی کە خۆی لە هەڵبژاردنی ستراتیژییەکی دیاریکراو بۆ گوتار دەنوێنێت.

## 2) پێوەرەکانی دەق لە روانگەی زانستی زمانی دەقەوە:

دیارە، بۆ ئەوەی پارچە نوسینێك لە روانگەی زانستی زمانەوە بە دەق دابنرێت، زمانەوانەکان کۆمەڵێك پێوەریان داناوە، کە پێویستە لە دەقێکدا هەبن، بۆ ئەوەی بە دەقێکی پەسەند دابنرێت. ئەو پێوەرانەش بە کۆششی هەریەك لە زمانەوانان (دیبوگراند، ولفانجدر یسلر، جولیا کریستیفا،.... تـاد) دانراون. پێوەرەکانیش ئەمانەی لای خوارەوەن:

1- ڕێکخستن (الاتساق ـ السبك ـnoisehoC ).
2- پەیوەستکردن (الحبك ـ الاتحام، الانسجام ـ ecnerehoc).
3- مەبەستی دەق (القيّد، ytilanoitnetni).
4- قەبوڵکردن (القبوليه، ytilibatpeccA).
5- رەچاوی بارودۆخ (رعايه الموقف، المقاميه، yllanoitautiS).
6- دەقئاوێزان (التناىّ، ytilautxetretni)

.

هەر لەو چوارچێوەیەدا، پێوەرەکانی دەق بە پێی پەیوەستبونیان بە (خودی دەق، نێرەر و وەرگری دەق، بارودۆخی بەرهەمهێنانی دەق) بۆ سێ پۆل دابەشدەکرێن:

ا- ئەو پێوەرانەی کە پەیوەستن بە خودی دەقەوە: (ڕێکخستن و پەیوەستکردن).
ب- ئەو پێوەرانەی کە پەیوەستن بە نێرەر و وەرگری دەقەوە: (مەبەستی دەق و قبوڵکردن).
پ- ئەو پێوەرانەی کە پەیوەستن بە بارودۆخی بەرهەمهێنانی دەق: (ڕەچاوی بارودۆخ و دەقئاوێزان).

هەر بەمەبەستی زیاتر تیشکخستنە سەر دوتوێی بابەتەکە، دەتوانین ئەو پێوەندییەی کە لە نێوان پێوەرەکانی دەقدا هەن، لە شێوەی دو سێگۆشەدا ڕونبکەینەوە:




هێلکاری ژمارە (1)

The Scientific Journal of Cihan University – Sulaimanyia
ISSN 25207377– (Online), ISSN 25205102– (Print)
DOI / http://dx.doi.org/10.25098 /2.1.13
February 2018
Vol. (2) Issue (1)




هێلكاری ژمارە ( 2 )

**1-) ڕێكخستن (السبك ـ الاتساق ـ Cohesion):**

بە شێوەیەكی گشتی ڕێكخستن وەك پێوەرێكی گرنگی دەق بریتییە لە چۆنییەتی مامەڵەكردن لەگەڵ كەرەستە زمانییەكاندا لە چوارچێوەی ڕێزمانی زمانێكی دیاریكراودا. دیارە، كەرەستە زمانییەكانیش لە ئەنجامی ڕیزبونیان پەیوەندییەكی ڕێزمانی و واتایی پێكەوە دەیانبەستێتەوە، ئەم پەیوەندییانەش لە ئاستی ئاسۆییدا دەردەكەون. هەر بۆیە (ڕێكخستن هەمو ئەو پرۆسانە دەگرێتەوە، كە بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ كەرەستە زمانییەكاندا لە دروستەی ڕوكەشدا (Surface structure) بەكاردێن، بەوەی كە كەرەستەكان لە پەیوەندییەكی ئاسۆییدا پشت بەیەك دەبەستن بەهۆی یاسایەكی دیاریكراوەوە (Dependency Rules)(هاتف البرهی، 2013: 14). هەر وەكو پێشتر ئاماژەمان پێدا، كە ڕیزبونی كەرەستەكان ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە واتاوە هەیە، بۆیە پێویستە دەق بەشێوەیەك ڕێكبخرێت، كە باس لە بابەتێكی دیاریكراو بكات، بەبێ هیچ هۆكارێك نابێت، لە بابەتێكەوە بچێتە بابەتێكی تر. لایەنێكی تری گرنگی ڕێكخستنی دەق ئەوەیە، كە خوێنەر لە كاتی خوێندنەوەی دەقەكەدا هەست بەوە بكات، كە دەقەكە بونیادی گێڕانەوەكەی لە یەكەم خاڵەوە تا كۆتایی تەواوە و چاوەڕوانی لای خوێنەر دروستبكات، بەوەی چاوەڕێی هەنگاوی دوای ئەوە بێت، كە ئێستا تێیدایە. (محەمەد ئەخزەر) لەم بارەیەوە دەڵێت:(پێویستە دەق جۆرێك لە پلەبەپلەیی تێدا بێت، ئیتر پەیوەندیی بە پێشاندان یان گێڕانەوەوە هەبێت، ئەمەش دەبێت وا لە خوێنەر بكات، كە هەستبكات، بە ئاراستەیەكی دیاریكراودا دەچێت. هەروەها هەستبكات، ئێستا لە قۆناغێكی دەقەكەدایە، پێشبینی ئەوەش بكات، كەچی لەدوای ئەم قۆناغەوە ڕودەدات)(محمد الاخچر، 2015: 83).

**2-1-1) بەشەكانی ڕێكخستن:**

هەمو ئەو ئامرازانە دەگرێتەوە، كە لە نێوان ڕستەكان و لە نێو ڕستەكاندا ڕۆڵی بەستن و لێكدانی فرێز و ڕستەكان دەبینن. ڕێكخستن وەك پێوەرێكی گرنگی دەق بۆ دو بەشی سەرەكی دابەشدەبێت، هەر یەك لەو بەشانەش چەندین بەشی تریان لێدەبێتەوە:(ڕوبێرت دی بوجراند، 1998: 103)

1- ڕێكخستنی ڕێزمانی (السبك النحوی ـGrammatical cohesion )، ئەمانەی لای خوارەوە دەگرێتەوە:

ئـ. بۆگەڕانەوە (الاحاله ـ Reference): 1- ڕابردو. 2- داهاتو.
ب. گۆڕینەوە (الاستبدال ـ substitution).
پ. سڕینەوە (الحژف ـ Ellipsis).
ت. لێكدان (الربگ ـ Junction).
2- ڕێكخستنی فەرهەنگی )السبك المعجمی ـnoisehoc lacixeL )، ئەمانەی لای خوارەوە دەگرێتەوە:
ئـ. دوبارەكردنەوە (التكرار ـ Reiteration)
ب. ڕیزكردن ـ هاوڕێیەتی زمانی (التچام، المیّاحبه اللغویه ـCollocation ).

دەتوانین ئەو دابەشكردنەوی پێشو لە شێوەی هێلكارییەكدا بخەینەڕو:

The Scientific Journal of Cihan University – Sulaimanyia
ISSN 25207377- (Online), ISSN 25205102- (Print)
DOI / http://dx.doi.org/10.25098 /2.1.13
February 2018
Vol. (2) Issue (1)




هێلکاری ژمارە (3)

**2 ـ 1 ـ 1 ـ 1) ڕێکخستنی ڕێزمانی (السبك النحوی ـ Grammatical cohesion):**

**ئـ. بۆگەڕانەوە (الاحالە ـ Reference):** ڕەگەزێکی گرنگە بۆ بەستنەوەی بیرۆکەی دەقەکان بەیەکەوە. بەکورتی بۆگەڕانەوە بریتییە لەو کەرەستە زمانییانەی کە ڕۆڵی پێکەوەبەستنی ڕستەکان دەبینن. بۆ نمونە:

(1)بەناز دیوانی مەحوی کڕی، پاشان خوێندییەوە.
لەم نمونەیەدا مۆرفیمی /ی/ کرداری (خوێندییەوە)، ڕۆڵی بۆگەڕانەوە دەبینێت، واتە دەگەڕێتەوە بۆ (دیوانی مەحوی)، بە نەهاتنی ئەو مۆرفیمە ڕستەکان پەیوەستی ڕێزمان و واتاییان تێکدەچێت.
لە ڕوی کاتەوە وەك لە هێلکارییەکە ئاماژەمان پێدا، (بۆگەڕانەوە) بۆ دو جۆر دابەشدەبێت:
1-بۆگەڕانەوەی ڕابردو: بۆ نمونە:

(2)وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، بیرتان بهێنینەوە، ئەوەی کە باسمانکرد، لەژێر ڕۆشنایی زانیارییەکانی پێشو، لەمەو پێش باسمانکرد،....تاد.
2-بۆگەڕانەوەی داهاتو: بۆ نمونە:

(3) ئەوەی کە دەمانەوێت، لەسەری بدوێین، لە بەشەکانی دواتر باسی دەکەین،....تاد.

**ب. گۆڕینەوە (الاستبدال ـ Substitution):** بریتییە لە گۆڕینەوەی وشەیەك بە وشەیەکی تر، یان جێگرتنەوەی وشە و مۆرفیمێك لەلایەن وشە و مۆرفیمێکی ترەوە، کە هەمان بەهای واتاییان هەبێت. بۆ نمونە:

(4) باوکم خانووەکەمانی فرۆشت، ئێمەش دانەیەکی ترمان کڕی.

مۆرفیمی /تر/ لەبری وشەی [خانو] بەکارهاتوە. گرنگی ئەم تەکنیکە لە دارشتنی دەقدا ئەوەیە، کە نوسەر دەتوانێت بیرۆکەکانی خۆی بخاتەرو بەبێ دوبارەکردنەوەی وشەکان، کە لایەنێکی بەهێز نابێت لە دەقدا. جیاوازی بۆگەڕانەوە و گۆڕینەوە ئەوەیە کە (بۆگەڕانەوە شتێکی نازمانی دەگرێتەوە لە زۆر کاتدا، بەڵام گۆڕینەوە ئەوە ڕوندەکاتەوە، کە چۆن کەرەستەیەکی زمانی لەبری کەرەستەیەکی تر بەکاردەهێنرێت، ئەویش بەمەبەستی زیادکردنی پەیوەندیی نێو دەقەکە، کە باس لە شتێك دەکات، کە پێشتر باسکراوە)(محمد الاخضر، 2015: 91).

**پ. سڕینەوە (الحذف ـ Ellipsis):** دیاردەی سڕینەوە و لابردن لە بواری ئیکۆنۆمی زمانیدا زۆر بڵاوە، لە هەمو بارێکیشدا بریتییە لە لابردنی یەکەیێکی زمانی بەبێ تێکچونی واتا. بۆ نمونە:

دەرنەکەوتنی مۆرفیمی سفر (Zero morpheme)، یان فڕێدانی دەنگێك لە مۆرفیمێك، یان سڕینەوەی کردارێك یا ناوێك، تەنانەت ڕستەیەك بەپشتبەستن بەوەی کە گوێگر یان وەرگر هیچ کێشەیەکی لە تێگەیشتنی مەبەستەکەدا نەبێت، چونکە زمان شتێك فڕێنادات، ئەگەر بزانێت کار لە توانستی دەکات. بۆ نمونە:

ISSN 25207377- (Online), ISSN 25205102- (Print)
DOI / http://dx.doi.org/10.25098 /2.1.13

(5) ا- دەنگ : رۆژهەڵات رۆژەڵات
ب- ناو : ئازاد هاتوە هاتوە
پ- فرێزێك لە دەقدا: نرخی ئەو ئۆتۆمبێلە چەندە؟ نرخی چەندە؟

لابردنی بەركار لە چەند رستەیەكی پەیوەست بەیەك دەبێتە هۆی جوانی دەق لە روی رێكخستنەوە، بۆ نمونە:
(6) ئۆتۆمبیلەكەم كڕی، پاشان بردم بۆ لای وەستا، دواتر بەجوانی شۆشتم.....تاد.

**ت. لێكدان (الوێل ـ الربط ـ Connectivity)**: هەمو ئەو ئامراز و وشە و مۆرفیمانە دەگرێتەوە، كە رۆڵی پێكەوەبەستن و لێكدانی پێكهاتە زمانییەكان دەبینن، ئەمانیش چەند جۆرێكن:

1.ئامرازی لێكدەر (Conjunction): (و)ی لێكدەر
2.ئەو ئامرازانەی كە رستەی ئاڵۆز دروستدەكەن، وەك (كە، چونكە، كو، كەوا، لەبەرئەوە، ئەگەرچی، یاوەكو،....تاد).
3.ژمارە: یەك، یەكەم، لە سەرەتادا، لە كۆتاییدا،....تاد
4.پیشاندان : بۆ نمونە، وەك، بڕوانە،....تاد
5.كورتكردنەوە: بەكورتی، بە شێوەیەكی پوخت، پوختەی ئەمە، لە دەرئە نجامدا،....تاد
6.ڕونكردنەوە: بۆئەوەی، لەبەرئەوەی، بە مانایەكی تر، بە جۆرێكی تر....تاد
7.بیرۆكە دژەكان و بەستنەوەیان: بەلام، لە بەرامبەر ئەوەشدا، لەگەڵ ئەوەشدا،....تاد
8.بەستنەوەی كاتی جیاواز بە یەكەوە: پاشان، پێش ئەوەی، پاش ئەوەی،....تاد

## 2 ـ 1 ـ 1 ـ 2) ڕێكخستنی فەرهەنگی (السبك المعجمي ـ Lexical cohesion):

ئـ. دوبارەكردنەوە (التكرار ـ Repetition): ئامرازێكی پەیوەست بە ئاستی فەرهەنگی زمانەوەیە، بەگشتی دوبارەكردنەوە بریتییە لەوەی كە نوسەر وشەكان دوبارەبكاتەوە بۆ بیرخستنەوەی بەشەكانی پێشو بۆ خوێنەر و ئامادەسازیكردن بۆ گواستنەوەی ئاراستەی بیرۆكەی دەقەكە. (دومنیك منگینو) لەم بارەیەوە دەڵێت: (پیشاندانی زانیاری پشت بە دو دیاردەی گرنگ دەبەستێت، كە ئەوانیش (دوبارەكردنە و پلەبەندی)ن. بەوەی كە نوسەر بیرمان بخاتەوە، لە چی قۆناغێكی دەقەكەداین؟ ئەویش بە پیشاندانەوەی ئەوانەی كە لە پێشتر باسیكردون، ئەمەش وەك هەوڵدانێك بۆ بەستنەوەی بیرۆكەكانی رابردوی دەقەكە بە داهاتوی دەقەكەوە، هەروەها ئامادەكاری بۆ چونە نێو زانیاریی تازەوە)(محمد الاخضر، 2015: 83).
ب. هاوڕێیەتی زمانی (المێاحبە اللغویە ـ Collocation): بەشی دووەمە لە ڕێكخستنی فەرهەنگی، بەكورتی هاوڕێیەتی زمانی ئەوەیە لە دەقدا وشەیەك ببینین، راستەوخۆ پێشبینی هاتنی وشەیەكی تر لە پێشیدا یان لە پاشیدا بكەین. هەروەها بریتییە لەو پەیوەندییە فەرهەنگییەی كە لە نێوان وشەكاندا هەیە. دەقناسەكان ئەم جۆرە پەیوەندییەیان دابەشكردوەتە سەر چەند جۆرێك، كە بریتین لە:(محمد خطابي، 1991: 25)

1.پەیوەندیی دژیەكی: ( ژن و پیاو، كور و كچ، ....تاد)
2.پێوەندیی زنجیرەیی: (ڕۆژ + هەفتە + مانگ + ساڵ)
3.پەیوەندیی بەش بە بەشەوە: (لوت، دەم، چاو) پەیوەندییان بە دەموچاوی مرۆڤەوە.
4.پەیوەندیی بەش بە گشتەوە: (ژور، بنمیچ، هۆڵ) پەیوەندییان بە خانووەوە.
پەیوەندیی بیرهێنانەوەیی: (نەخۆش: دكتۆر، خوێندكار: تاقیكردنەوە، گەشت: فڕۆكە،....تاد).

## 2 ـ 2) پەیوەستكردن/گونجان (الحبك ـ الانسجام ـ Coherence) :

زۆربەی دەقناسەكان ئاماژەیان بەم پێوەرە گرنگەی دەق داوە و بە پێویستیان زانیوە. واتە ئەم پێوەرە پێویستە لە هەمو دەقێكدا هەبێت، بۆئەوەی بە دەقێكی پەسەند دابنرێت. گونجان بریتییە لە پەیوەندیی بیرۆكەكانی دەقەكە، ئەگەر ڕێكخستن بریتی بوبێت لە پەیوەندیی ڕێزمانی دەق، ئەوا (گونجان) بریتییە لە پەیوەندیی واتایی دەق. بەشێوەیەك مرۆڤ لە دەقەكە تێبگات و توانای وێناكردنی هەبێت. دیارە (ڕێكخستن و گونجان) راستەوخۆ پەیوەندییان بە دەقەوە هەیە، گونجان بریتییە لە پەیوەندیی ناوەوەی دەق، بەوەی كە بیرۆكەكان بە یەكەوە پەیوەستبكرێن، زمانەوانەكان لەم بارەیەوە رۆڵی ئامرازەكانی بەستن بەگرنگ دادەنێن، چونكە بەبێ پێكەوەبەستنی رستەكان لە دەقدا، دەق دروستنابێت، ئەگەر چی هەمو رستەكانیش لەسەر بنەمای ڕێزمانی زمانەكە رۆنرابن، لەو بارەشدا دەبنە كۆمەڵە رستەیەك، نەك دەق. بۆیە (ئەگەر رستەكان پەیوەندیی گونجانیان تێدانەبێت، ئەوا هیچ رستەیەكی دەقەكە ناتوانێت ببێتە هۆ، دەرئە نجام، جەختكردنەوە، ڕەتكردنەوەی رستەیەكی تر)(محمد الاخضر، 2015: 88).
هەروەها گونجان چەند لایەنێكی گرنگ لە دەقدا دەگرێتەوە، كە ئەمانەن: ] بڕوانە: (هاتف البرهي، 2013: 252) و Mrinne jorgense (2002: 173)

The Scientific Journal of Cihan University – Sulaimanyia
ISSN 25207377– (Online), ISSN 25205102– (Print)
DOI / http://dx.doi.org/10.25098 /2.1.13
February 2018
Vol. (2) Issue (1)

1.لایەنی لۆجیکی.
2. زانیاری دەربارەی ڕێکخستنی ڕوداو و کردار و بابەت و هەڵوێستەکان.
3. هەوڵدان بۆ پێکەوەبەستنی ئەزمونی مرۆڤایەتی ئەوەی پەیوەندی پێوە هەیە، هەروەها هەوڵدان بۆ بەستنەوەی کارلێکی زانیارییەکانی نێو دەق (Text present knowledge) بە مەعریفەی مرۆڤایەتییەوە.

شایانی باسە، پێویستە لە ئاستی گونجاندا دو حاڵەتی گرنگ ڕەچاوبکرێت، کە بریتین لە:(حمودی سعید، 2008: 110)
1.لێکدانەوە: پێکەوەبەستنی ئەو پەیوەندییە شاراوە واتاییەی کە لە نێوان بەشەکانی دەقەکەدا هەن.
2.چوارچێوەی بەکارهێنان: بریتییە لە بارودۆخی بەرهەمهێنانی دەق، شوێنی بەرهەمهێنانی دەق، نێرەر، وەرگر و بارودۆخی دەرونییان،....تاد.

## 2 ـ 3) مەبەستی دەق (القصد ـ Intentionality):

بریتییە لەو مەبەستەی کە نێرەر (نوسەر) دەقەکەی لە پێناودا بەرهەمدەهێنێت. جا ئیتر بۆ هەر مەبەستێك بێت، گرنگ ئەوەیە دەق، کە ڕۆنرا و دروستەیەکی هەبو، دو پێوەرەکەی تر، کە باسمانکرد و پێوەرەکانی تریش هەمویان پێکەوە ڕۆڵدەبینن، لەوەی کە دەق مەبەستێکی دیاریکراوی هەبێت. بە پێچەوانەوە بەبێ مەبەست دەق ئامانجدار نابێت، خواستی نێرەر بەجێناهێنێت، گوێگریش وەڵامدانەوەی گونجاوی لە بەرامبەردا نابێت. هەروەکو دەوترێت (قسەکەر قسەیەك ناکات، ئەگەر مەبەستێکی تیانەبێت)(محمد الاخضر، 2015: 96).

(دی بوجراند) لەبارەی مەبەستی دەقەوە دەڵێت: (مەبەستی دەق بەو واتایە دێت، کە دەق چی وێنەیەکی زمانی پێشکەشدەکات؟ بەو مانایەی، کە دەق ئامرازێکە (الوسیلە ـ Instrument) بۆ پلانێکی دیاریکراو بە ئامانجی گەشتن بە مەبەستێکی دیاریکراو لە ڕێگەیەوە)(روبرت دی بوجراند، 1998: 103). دیارە، هەمو دەربڕینێکی واتادار خاوەن ئاماج و مەبەست نییە، بەڵکو مەبەست پێویستی بە نێرەر هەیە، کە دەقەکەی لە پێناو ئامانجێکدا بەرهەمهێنابێت، واتا ئامانجی ناردنی پەیام مەرجی بونی (مەبەست)ە لە دەقدا. هەروەها (گرایس) پێی وایە، کە هەمو ڕوداوێکی زمانی و نازمانی واتایەکی هەیە، کردەی نازمانی وەك بونی هەور بەواتای دەستپێکردنی باران، سرین و ئارەقدەردانی دەموچاو بەواتای تەریقبونەوە. لە ڕاستیدا ئەم کردارانە مەبەستیان لە پشتەوە نییە، بەڵکو پرۆسەی پێوەندیی مەبەستدار پێویستی بە (نێرەر، وەرگر) هەیە.

## 2 ـ 4) ڕادەی قەبوڵکردن (القبولیة ـ Acceptability):

ئەم پێوەرە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە (نێرەر و وەرگر)ەوە، ئەگەر دەق قەبوڵێتی تێدابێت لەلایەن وەرگرەوە، ئەوا بە دەقێکی تەواو دادەنرێت، ڕادەی قەبوڵکردنیش پەیوەستە بە بنەمای ڕێکخستن و گونجانی دەق و لەبەرچاوگرتنی چوارچێوەی زمانی و نازمانی.
ڕادەی قەبولکردنی دەق ((پەیوەستە بە گوێگر، یان خوێنەری دەق و هەڵوێستی دەقەکە، بێگومان ڕێکی و گونجان لەنێو دەق وادەکات، لای خوێنەر پەسەند و گونجاو بێت))(عەبدلواحید موشیر دزەیی، 2014: 45).
لێرەدا بۆ ئەوەی ئەم پێوەرەی دەقمان بۆ ڕونببێتەوە، نمونەیەك دەهێنینەوە:
لە کۆمەڵگەی کوردیدا، کە میوانێك لە دەرگا دەدات، دەبێت بەڕێز و خۆشەویستییەوە پێشوازی لێبکرێت، ئەوەش ڕەچاوی بارودۆخی نازمانییە، ئەگەر ئەو مەرجەی تێدا نەبێت، ئەوا ڕادەی قەبوڵێتی تێدا نامێنێت. بۆ نمونە:
(7) وەرنە ژورەوە، ئێمە لە ماڵەوەین، دەی فەرمون ......
ئەم دەقەی سەرەوە ڕەچاوی بارودۆخی نەکردوە و ڕادەی قەبوڵێتی تێدا لاوازە.

## 2 ـ 5) ڕەچاوی بارودۆخ (رعایە الموقف، المقامیة، Situational).

پێوەرێکی دەقە، ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە بارودۆخی بەرهەمهێنانی دەقەوە هەیە. (ڕەچاوی بارودۆخ ئەوەیە، کە دەبێت دەق لە کات و شوێنی گونجاوی خۆیدا بەرهەمبێت، ئەگەر ڕەچاوی کات و شوێن نەکرا، ئەوا دەقێکی پەسەندمان بەرهەمنەهێناوە)(هاتف البرهی، 2013: 266). بۆیە ڕادەی قەبوڵێتی تێدا نامێنێت لەلایەن وەرگرەوە، ئەگەرچی لە ڕوی ڕێکخستن و لێکدانیشەوە تەواوبێت. هەروەها ((بنچینەی هەڵویست لەسەر ئەوە بەندە، تا چ ڕادەیەك دەق گونجاوە لەگەڵ پێویستی خوێنەر و دەوروبەری گشتیدا، دەتوانین بڵێین، کەوا لە دەق دەکات، پەیوەندییەکی بەهێزی بە هەڵوێستی ڕوداوەکانەوە هەبێت، ئەم بنەمایە بە گرنگترین بنەما دادەنرێت، کە دەق دەخاتە چوارچێوەی گەیاندن لەناو کۆمەڵدا))(عەبدلواحید موشیر دزەیی، 2014: 46).
(یاکوبسن) یەکێکە لەو زمانەوانانەی کە لە پرۆسەی پەیوەندیی زمانی لە نێوان تاکەکاندا گرنگییەکی زۆری بە سیاق داوە، دیارە سیاقی نازمانی بریتییە لە ڕەچاوی بارودۆخ، هەروەها بەلای یاکوبسنەوە پرۆسەی پەیوەندی لە (نێرەر و وەرگر و پەیام و کەناڵ) پێکدێت، یاکوبسن پێی وایە، کە هیچ پەیامێك بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەو چوارچێوەیەی تێیدا گوتراوە، تێی ناگەین. هەروەها ناتوانین لە بەشە جیاوازەکانی دەقێك یان شیکردنەوەی ڕەمزەکانی بکەین، بەبێ گەڕاندنەوەی کۆی دەقەکە بۆ ئەو ڕەهەندەی کە لێوەی هاتوە)(ابو غزالە، 1992: 34 ـ 35).
ئەگەر بمانەوێت نمونەیەك بۆ ڕەچاوی بارودۆخ بهێنینەوە، کە وەك پێوەرێکی دەق زمانەوانەکان هەژماریانکردوە، ئەوا دەتوانین بڵێین بۆ نوسراوێکی وەك:

The Scientific Journal of Cihan University – Sulaimanyia
ISSN 25207377– (Online), ISSN 25205102– (Print)
DOI / http://dx.doi.org/10.25098 /2.1.13
February 2018
Vol. (2) Issue (1)

(8) تكایە ئاگادار بە، ڕێگاكە لەژێر چاكسازیدایە.
ئەگەر ئەم دەقە لەسەر ڕێگایەكی گشتی لەسەر تابلۆیەكی هاتوچۆ نوسرابێت، ئەوا لێخوڕێكی ئۆتۆمبێل لەوە تێدەگات، كە لەپێشەوەی ئەو ڕێگایە نۆژەندەكرێتەوە، بۆیە پێویستە خێراییەكەی كەمبكاتەوە، بەلام ئەگەر هەمان تابلۆ لە باخێكی گشتی لەناو شاردا دانرابێت، ئەوا واتاكەی تاڕادەیەك ڕوننابێتەوە و خەڵكیش لە مەبەستەكەی ناگەن.

## 2 ـ 6) دەقئاوێزان (التناص ـ intertextuality):

(جیرار جینت) لەبارەی دەقئاوێزانەوە دەڵێت: (بریتییە لە پەیوەندیی هاوبەشی نێوان دو دەق بە شێوەیەكی ئامادەیی، لە زۆر باردا ئامادەیی كردەیی دەقێكە لە دەقێكی تردا)(محمد الاخچر، 2015: 256). دیارترین جۆری دەقئاوێزان وەرگرتنە، وەك وەرگرتنی چەند دێڕێكی نوسەرێك لەلایەن نوسەرێكی ترەوە، ئەم دیاردەیە بەزۆری لە ستونی ڕۆژنامەو گۆڤارەكاندا دەبینین، هەروەها مەرجیش نییە، وەرگرتنەكەش وەرگرتنێكی بێ دەستكاری بێت، بەڵكو دەكرێت كاریگەریی ئایدۆلۆجیا و بیرۆكەی نوسەرێك بێت لەسەر نوسەرێكی تر، ئەم كاریگەرییەش ببێتە هۆی ئامادەیی دەقی نوسەری كارتێكەر، ئیتر با بە شێوەیەكی ناڕاستەوخۆش بێت، جگە لەوەش ئەگەر ئێمە بڕوانینە ئەو دەقانەی كە لە ئێستادا لەبەر دەستمانن، هیچ یەكێكیان لە دونیایەكی ترەوە نەهاتون، هەروەها تێكەڵی و هاوبەشیكردنی ئەزمونی مرۆڤایەتی نێوان كۆمەڵگاكان و نێوان كۆمەڵگەیەك بەتەنها وادەكات، بوار بۆ ئەوە نەمێنێتەوە، نكۆڵی لە ڕاستیبونی ئەم دیاردەیە بكەین، چونكە ئەزمونی بیری مرۆڤایەتی لە سەردەمی داهاتنی نوسینەوە تائێستا لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی تر دەگوێزرێتەوە.

3)دیاریكردنی هەندێك لە پێوەرەكانی دەق لە ڕۆمانی (هەورەكانی دانیال)ی (بەختیار عەلی)دا:
3 ـ 1) ڕێكخستن (السبك ـ الاتساق ـ noisěhoC):
3 ـ 1 ـ 1) ڕێكخستنی ڕێزمانی:
ئـ. بۆگەڕانەوە (الاحالە ـ Reference ): بۆ نمونە لە زمانی (قاسم وەلید)ی نیگاركێشەوە:

((پێویستە مرۆڤ بەردەوام هەوڵبدات، خەونەكانی ناو سەری خۆی بگوازێتەوە، نیگاریان بكات، گەر خۆی نەیتوانی كۆمەك لە نیگاركێشان وەربگرێت. كە قسەیدەكرد، دەستی دەبرد بۆ سەری، بۆ سەر دڵی، بۆ شتەكانی دەوروبەری ....تاد.))(بەختیار عەلی، 2015: 276-275).
لێرەدا هەمو مۆرفیمە /ی/ەكان ڕۆڵی بۆگەڕانەوە دەبینن، دەگەڕێنەوە بۆ ناوی كەسێك، كە پێشتر باسكراوە.

### بـ. گۆڕینەوە (الاستبدال ـ Substitution): بۆ نمونە لە زمانی دكتۆر سیامەندەوە (مامە سیا):

((لەگەڵ شێتی ئاسای و ستانداردا دەزانم چیبكەم، بەلام لەگەڵ شێتی دێلاوردا نازانم چیبكەم، باوەڕم وانییە، كە سەری كەسیان لە كارەبا بدەم. نا، دێوانەكانی ئەم شارە پتر بە كوتەك، بە ئیش، بە ماندوكردن چاكدەبنەوە، ئەوە تاكە ڕێگایە.))(سەرچاوەی پێشو: 189).
هەردو وشەی (كەس و دێوانە) لەبری وشەی (شێت) بەكارهاتون. ئەمەش لایەنێكی بەهێزە لە دەقدا و دەق لە دوبارەكردنەوەی ناپەسەندی وشە دەپارێزێت.

### پـ. سڕینەوە (حذف ـ Ellipsis): بۆ نمونە لە زمانی (ڕێنواری زەریاواری)یەوە:

((مامم بەردەوام بەدەست كەمی زانیارییەكانی خۆیەوە دەینالاند، هەندێ جار دەستی دەگرت بە سەرییەوە و دەیگوت: سەرم لە بیابانی لێ هاتووە، سەرم بووە بە سەحرای لوت، تەیر هێلانەی تێداناكات ....تاد))(سەرچاوەی پێشو: 117).
وشەی (مامم) دوبارەنەكراوەتەوە، سڕاوەتەوە، لە ڕستەی (هەندێ جار دەستی دەگرت بە سەرییەوە)، هەروەها لە ڕستەی (تەیر هێلانەی تێدا ناكات)، وشەی (سەر) سڕاوەتەوە.
دیارە دوبارەكردنەوەی ئەو وشانە خوێنەر بێزاردەكات، هەروەها نوسەر پشت بە زانیاریی پێشو دەبەستێت، بۆیە دەق لەباری سڕینەوە كەرەستەیەك كێشەی واتایی بۆ دروستنابێت.

### تـ. لێكدان (الوێل ـ الربط ـ Connectivity): بۆ نمونە لە زمانی (ڕێنواری زەریاواری)یەوە:
((من ویستم، وەسفی دەموچاوی جەلادی ناو خەونەكەم دەستبكەوێت، قسەیەكی زۆرم لەگەڵ زیندانییەكەدا كرد، بەلام وەسفكردنی دەموچاوێك كە لە خەوندا دەیبینیت، ئاسان نییە، .....تاد))(سەرچاوەی پێشو: 29).
دیارە، ئەگەر تێبینی ئەم نوسینە بكەین، دەبینین، كە لە ڕوی واتاییەوە دو بەشە، ئەم دو بەشە بەهۆی ئامرازی لێكدەری (بەلام) بەیەكەوە بەستراونەتەوە. لە بەشی یەكەمدا كەسێك دەیەوێت كارێك بكات، بەلام ناتوانێت بیكات، كەچی لە بەشی دوەمدا هۆكاری نەتوانینەكەی ڕونكراوتەوە، ئەم دو بیرۆكەیە بەهۆی ئامرازی (بەلام) لێكدراون.

The Scientific Journal of Cihan University – Sulaimanyia
ISSN 25207377– (Online), ISSN 25205102– (Print)
DOI / http://dx.doi.org/10.25098 /2.1.13
February 2018
Vol. (2) Issue (1)

### 3 ـ 1 ـ 2) ڕێکخستنی فەرهەنگی:

ئـ. دوبارەکردنەوە (التكرار ـ Repetition): ئەم ئامرازە فەرهەنگییە لە بەشی ڕێکخستنی دەق دەتوانرێت بۆ (مەبەستێکی دیاریکراو، جەختکردنەوە) بەکاربهێنرێت، بەڵام لە دەقێکدا زۆر دوبارەکردنەوەش دەبێتە هۆی زیان بۆ دەقەکە، بۆیە نوسەر دەبێت ئەم تەکنیکە شارەزایانە بەکاربهێنێت، نمونە:

((وا دەبینم وەك شاخەکان لە ئاسن بن، ئاسنی ڕەش، چیایەك لە ئاسن ، کە گوڵی ناسك و قەشەنگی لەسەر ڕواوە ...تاد))(سەرچاوەی پێشو: 347).
وشەی (ئاسن) سێ جار دوبارەکراوەتەوە، هەرچەندە دەقی ڕۆمان زیاتر گوزارشتە لە باری دەرونیی کاراکتەرەوە، کە نوسەری دەق ئەو ئەرکە بەو کاراکتەرە دەسپێرێت، کە مەبەستێتی، هەروەها ڕۆمان وەك ژانرێکی ئەدەبی مەودای یاریکردنی زمانی تێدایە و بە هەمو پێوەرێکی زمانی پابەندنابێت، کە بۆ دەق دانراون، بەڵام سەرباری ئەوانەش دەتوانین ئەو دەقە بۆ ئەوە لەباری ڕێکخستنی فەرهەنگییەوە پابەندی پێوەرەکانی دەق بێت، دەکرێت ئەو دەقەی سەرەوە بەم شێوەیە بنوسینەوە: ((وا دەبینم وەك شاخەکان لە ئاسنی ڕەش بن، کە گوڵی ناسك و قەشەنگی لەسەر ڕواوە...تاد)).

ب. هاوڕێیەتی زمانی (المصاحبة اللغوية ـCollocation ): بونی ئەم جۆرە پەیوەندییە لە دەقدا پێویستە، بەتایبەت لە دەقی درێژدا لە زۆر باردا نوسەر دەبێت، پیادەییکات، بۆ ئەوەی دەقەکەی لە ڕوی واتا و ڕێکخستنە فەرهەنگییەکانەوە سەرکەوتو بێت، بۆ نمونە لە دەقێکی وەك ئەمەی خوارەوە پێویستە کردار بۆ دروستبونی پەیوەندیی دژیەکی نەڕێکرێت. بۆ نمونە ڕۆماننوس لە زمانی (دکتۆر سیامەند)ەوە دەڵێت:
((بەشەر وەك یەك هەموو عاتیفەیان هەیە، عەشیرەتی زەریاواریش شتێکیان بەرکەوتووە، بەڵام بەشەر هەیە، دەتوانێت دەرییخات، بەشەریش هەیە، ناتوانێت ......تاد))(سەرچاوەی پێشو: 49).
دەتوانێت × ناتوانێت

نمونەیەکی تر:
((چۆن تاوانبارە ڕاستەقینەکان لە ترسی شەیتانەکەی ناو خۆیان دەبنە پۆلیس، نەخۆشە ڕاستەقینەکانیش لە ترسی دەردی خۆیان دەبن بە دکتۆر ......تاد))(سەرچاوەی پێشو: 84)
.
تاوانبار ــــــــ پۆلیس
نەخۆش ــــــــ دکتۆر

شایانی باسە، لە تەوەری یەکەمی توێژینەوەکەدا باسمانکرد، کە لە پەیوەندیی ڕێکخستنی فەرهەنگیدا لە بەشی هاوڕێیەتی زمانیدا، زۆرجار لە دەقدا وشەیەك دەبینین، وشەیەکی ترمان بیردەکەوێتەوە، یان بە بینینی وشەیەك، پێشبینی هاتنی وشەیەکی تر دەکەین بەهۆی زۆر بەکارهاتنیان بەیەکەوە.

### 3 ـ 2) گونجان (الحبك ـ الانسجام ـ Coherence):

ئاستی واتایی دەق دەگرێتەوە، بەوەی خوێنەر لە ئەنجامی خوێندنەوەی دەقێك، لە کۆتاییدا هەست بەوە بکات، کە پەیوەندییەکی واتایی لە نێوان ڕستە و بەشە جیاجیاکانی دەقەکەدا هەیە. ئەگەر ئەو پەیوەندییە واتایی نەبێت، ئەوا بە دەق دانانرێت. هەروەها لە ئاستی گونجانی دەقدا، پێویستە ئەو دەقە ڕەچاوی چوارچێوەی زمانی و نازمانی بکات. بۆ نمونە لە زمانی (ڕێنواری زەریاواری)یەوە: ((خەونەکەی دانیال سەرەتا شتێکی گرنگ دیارنییە، کۆمەڵێك پەڵەهەوری سوورن، کە بارانێك دەبارێنن وەك خوێن، بەڵام هەر زوو هەورەکانی دانیال لە هەموو دیلاوردا دەنگدەداتەوە .....تاد))(سەرچاوەی پێشو: 56).
خوێنەر لەدوای ئەو پارچە نوسینە، واتایەك هەڵدەهێنجێت، کە باس لە کەسێك دەکات، خەونێکی بینیوە، خەونەکەش بریتییە لەوەی کە هەورێك خوێنی لێ دەبارێت.هەروەها بۆ تێگەیشتن لەم پارچە نوسینەی دەقی ڕۆمانەکە پێویستمان بەوە هەیە، کە بزانین ئەم دەقە لە چی سیاقێکدا گوتراوە؟ واتە ڕێکخستنی پێوەندیی نێوان نوسەری دەق و خوێنەر، دەبێت پێشتر نوسەر (دانیال)ی ناساندبێت بە خوێنەر، پاشان وەسفی کەسایەتی و هۆی باسکردنی ئەم خەونە بکات. بۆ ئەوەی خوێنەر تێبگات، لەوەی بەشەکانی تری ئەم دەقە کە تارادەیەك لە ڕوی واتاییەوە پەیوەندییان بەم خەونەوە هەیە، بۆیە پێویستیان بەو زانیارییە دەبێت، ئەمەش پێکەوەبەستنی بیرۆکە جیاوازەکانی دەقەکەیە.

The Scientific Journal of Cihan University – Sulaimanyia
ISSN 25207377– (Online), ISSN 25205102– (Print)
DOI / http://dx.doi.org/10.25098 /2.1.13

February 2018
Vol. (2) Issue (1)

## 3 ـ 3) مەبەستی دەق (القصد ـ Intentionality):

لە راستیدا، دەق کە لایەنی رێکخستن و گونجانی تێدابوو، دەبێت مەبەستێکی دیاریکراوی هەبێت. واتە ئەو مەبەستەی کە دەقەکەی لەپێناودا نوسراوە و وتراوە. ئەگەر مەبەست لە دەقدا نەبێت، ئەوا بە دەق دانانرێت. لەم بارەیەوە (میخائیل باختین) دەڵێت: (دو هۆکار لەپشت بەدەقبوونی پارچە نوسینێکەوەن، کە ئەوانیش:

1.نییەتی دەق.
2.هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی ئەو نییەتە.

ئەم دوانەش لە دەقدا لە ململانێدان بە شێوەیەکی دینامیکی)(محمد الاخچر، 2015: 97). بۆ نمونە: ((لە قاوەخانەی (عەشق و کتێب)، کە کۆمەڵێك کوری قژدرێژ دەیانبرد بەرێوە، قاسم وەلیدم بینی، کە پێکەوە لە دواناوەندی دەمانخوێند، قاوەخانەکە کە سەنتەری کۆبوونەوەی ئەو گەنجانە بوو، کە تازە پێیان دەخستە جیهانی کتێب و هونەرەوە، هەریەکەیان خۆیان بە کامۆیەك، مۆزارتێك، یاخود مایەر هۆڵدێکی نوێ دەزانی زۆربەیان، کە دەهاتنە ژووری، چاوەروانی ئەوە بوون، قەدر و حورمەتی بلیمەتێکیان لێبنرێت))(بەختیار عەلی، 2015: 88-87).
لە روانگەی (گرایس)ەوە دەتوانین بڵێین، کە نوسەری ئەم دەقە نێرەرە و ئێمەی خوێنەریش وەرگرین، مەبەستی نوسەر لەم دەقەدا ئەوەیە، ئێمەی خوێنەر تێبگەین، کە ئەو قاوەخانەیە کۆمەڵێك گەنجی تێدایە، کە ویست و ئارەزوی دەرکەوتنیان هەیە، لەم رێگەیەشەوە نوسەر وێنەی چینێکی کۆمەڵمان بۆ دەکێشێ، کە ئێمە لە ژیانی واقعیدا بە بەرجەستەیی دەیبینین. کەواتە هەمو دەقێك مەبەستێکی هەیە، ئەم دەقەی سەرەوەش جگە لەو ئەرکەی لە چوارچێوەی رۆمانەکە پێی سپێردراوە، مەبەستی نوسەرمان بۆ دەردەخات.

## 3 ـ 4) دەقئاوێزان ( التناصية ـ Intretextuality):

لەبارەی دەقئاوێزانەوە، (سەلاح فەزڵ) دەڵێت: (دەقئاوێزان بریتییە لە پرۆسەی ئاڵوگۆری لە نێوان دەقەکان لە ئاستی وشە و زاراوە و واتادا، بەو مانایەی دەقێك سود لە دەقەکانی پێش خۆی وەردەگرێت)(صلاح فضل، 1992: 128).
بەلام بەلای (جولیا کریستیڤا)وە بۆ ئەوەی دەقئاوێزان بەرجەستە بێت، مەرجە دەقێك بە شێوەیەکی کردەیی وەك بەشداری دەقێك بە چەند وشەیەك، یان بە چەند دێرێك لە دەقێکی تردا هەبێت. هەر لەو چوارچێوەیەدا (روبرت دی بوجراند)یش پێی وایە، کە (دەقئاوێزان بریتییە لە پەیوەندیی دو دەق بە شێوەیەکی راستەوخۆ یان بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ بەهۆی ئامرازێك یان ناوەندێکەوە)(روبرت دی بوجراند، 1998: 104).
ئێمە دەزانین چیرۆکی پێغەمبەر (نوح) لە کتێبە ئاسمانی و مێژووییەکاندا باسکراوە، نوسەری دەقی ئەم رۆمانە بۆ دەولەمەندی رۆمانەکە و پیشاندانی ئاستی مەعریفی و راکێشانی سەرنجی خوێنەر و وەسف و وێکچواندن و گەورەکردنی ئەو روداوەی باسیکردوە، چیرۆکی (نوح)ی بەکارهێناوە.
هەروەکو رۆماننوس لە زمانی (پرۆفیسۆر بەهنام)ەوە دەڵێت:
((مرۆڤی راستەقینە کەسێکە، تەنها مرۆڤەکان لە مەترسی ئاگاداردەکاتەوە، مرۆڤی راستەقینە کەسێکە وەك نوح، کە تۆفان دەبینێت و خۆی بۆ ئامادەدەکات، تۆفان دەبینێت و کەشتی خۆی دروستدەکات. ئەمرۆ لە سەردەمێکداین، کەشتی گەورە دروست ناکرێت، تۆفانەکە هەموو کەشتییەکی گەورە نوقمدەکات، ئەوە کە دەکرێت بەلەمێکی بچووکە، کە خۆت و هەندێك مەخلوقاتی تێبخەیت ...تاد))(بەختیار عەلی، 2015: 510).

The Scientific Journal of Cihan University – Sulaimanyia
ISSN 25207377- (Online), ISSN 25205102- (Print)
DOI / http://dx.doi.org/10.25098 /2.1.13
February 2018
Vol. (2) Issue (1)

## ئه نجامەكان

1.زانسـتی زمـانی دەق لقێكـی زانسـتی زمانـه و لـه هەمـو ئـەو بابەتانـه دەكۆڵێتـەوە، كـه پەیوەسـتن بـه دەقـەوە لـه چوارچێـوەی زانسـتی زمانـدا. هەرچەنـده دەق وەك بابەتێكـی زینـدو لـه زانسـتی ئەدەبیاتناسـیدا كەرەسـتەی لێكۆڵینەوەیـه، بـەلام زانسـتی زمـان بنەمـا و شەنگسـتی خـۆی بـۆ مامەڵـه لەگـەل دەقـدا هەیـه.

2.پەیوەندیـی نێـوان رسـته و دەق پەیوەندییەكـی تەواوكەرانەیـه، بـەوەی رسـته بونیـادی دەقـه، پێویسـته پشـت بـه رێزمـانی رسـته و واتـاكانی نێـو شـیكردنەوەی بونیـادی دەقـدا ببەسـترێت، بەمـەش سیسـتەمێكی رسـتەیی و واتـایـی یەكگرتـو دروسـتدەبێت و هەردوكیـان پێكـەوە گرێـدەدات.

3.لـه روانگـەی زانسـتی زمـانی دەقـەوە، كۆمەڵێـك پێـوەر بـۆ دەق دانـراون، دیـاره هـەر دەقێـك ئـەو پێوەرانـەی تێدابێـت، ئـەوا بـه دەقێكـی پەسـەند دادەنرێـت و بـه پێچەوانەشـەوە راسـته. لـه لایەكـی تریشـەوە پیادەكـردنی ئـەو پێوەرانـه بەسـەر دەقـدا، ئەوەمـان بـۆ روندەكاتـەوە، كـه تـا چەنـد ئـەو دەقـه توانیویـەتی بـه شـێوەیەكی تەندروسـت مامەڵـه لەگـەل ئـامـرازه زمانییەكانـدا بـكات.

4.گرنگـی دیاریكـردنی پێـوەرەكانی دەق لەسـەر دەق لەوەدایـه، كـه دەتوانرێـت بـۆ وتنـەوەی زمـان سـودی لێوەربگیرێـت، هەروەهـا بـۆ ئـەو كەسـانەی كـه زمـانی كـوردی زمـانی دووەمیانـه.

5.هەرچەنـده ئـەم زانسـته زیاتـر ئەركـی پەسـنكردن (وەسـفكردن) بەجێدەگەیەنێـت وەك لـه بریـار و رەخنـه، بـەلام لـه ئه نجامـی جێبەجێكـردنی هەندێـك لـه پێـوەرەكانی زانسـتی دەق لـه رۆمـانی (هـەرەكانی دانیـال)ی بەختیـار عـەلی، ئەوەمـان بـۆ رونبـووەوە، كـه نوسـەر لـه زۆربـەی شـوێنەكاندا بەسـەركەوتویی مامەڵـەی لەگـەل ئـەو پێوەرانـەدا كـردوە، وەك] -1 رێكخسـتن/ ا- رێكخسـتنی رێزمـانی: بۆگەرانـەوە، گۆرینـەوە، سـرینەوە، لێكـدان)، ب- رێكخسـتنی فەرهەنگـی: هاورێیـەتی زمـانی. -2 گونجـان. -3 مەبەسـتی دەق. -4 دەقئاوێـزان[ تەنهـا لـه چەنـد شـوێنێكی كەمـدا نەبێـت، كـه لەنگـی لـه مامەڵەكـردنی لەگـەل ئـەو پێـوەرەدا دەبینرێـت، ئەویـش (ب- رێكخسـتنی فەرهەنگـی: دوبارەكردنەوە)یه.

## سەرچاوەكان

1.بەختیار عەلی (2015)، رۆمانی هەورەكانی دانیال، چاپی یەكەم، چاپخانەی ئەندێشه، سلێمانی.
2.عەبدولواحید موشیر دزەیی (2014)، پراگماتیكی دەق و گوتار، هەولێر.
3.ابو غزاله (1992)، مدخل الی علم اللغه النێ، بیروت.
4.جرهارد هلبش (2007)، تگور علم اللغه منژ 1970م، ت/ ر.د. سعید حسن بحیری، گبعه الاولی، مكتبه زهراء الشرق، القاهره ـ مێر.
5.حمودی سعید (2008)، الانسجام والاتساق النێی ـ المفهوم والاشكال، جامعه بالمسیله، الجزائر.
6.روبرت دی بوجراند (1998)، النێ والخگاب والاجراء، ترجمه/ د. تمام حسان، عالم الكتب، القاهره.
7.ێلاح فچل (1992)، بلاغه الاخگاب وعلم النێ، عالم المعرفه، الكویت.
8.ێحی ابراهیم الفقی (2000)، علم اللغه النێی بین النقریه والتگبیق، گباعه دار قباء، القاهره.
9.شریف الجرجانی (2004)، التعریفات، دار الفچیله، القاهره.
10. فولفجانج هاینه من و دیتر فیهفیجر (1999)، مدخل الی علم اللغه النێی، ت/ د. فالح بن شبیب العجمی، مگابع جامعه الملك سعود، الریاچ.
11. محمد الاخچر (2015)، مدخل الی علم اللغه نێ ومجالاته تگبیقیه، الدار العربیه، الجزائر.
12.محمد خگابی (1991)، لسانیات النێ، المركز الپقافی العربی، بیروت.
13. هاتف البرهی (2013)، معایر علم نێ مقاربه النسقیه، كلیه التربویه مفتوحه، جامعه القادسیه، العراق.
14. David crystal (1987), The Cambridge Encyclopedia of Language, Cambridge University.
15. David crystal (1993), A Dictionary of Linguistics and phonetics, Blackwell.
16. Halliday and R. Hassan (1976), Cohesion in English, Longman, London.
17. Jack C. Richards and Richard Schmidt (2002), Longman dictionary of Language Teaching and Applied Linguistics, Third edition.
18. Mrniner Jorgense (2002), Discourse Analysis – Theory and method.